کارەبای هەرێم:بەتوانای 100 مێگاوات دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەیەک لە سێران دەکرێت

وەزارەتی کارەبا رایگەیاند، بەتوانای 100 مێگاوات دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی کارەبا لە سێران دەکرێت.

ئەمڕۆ چوارشەم 24یlی2024، وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە، کە ماڵ محەمەد ساڵح، وەزیری کارەبا پێشوازی لە تیمێکی گروپی کەمپانیاکانی دیب ئێنرچی کرد.

راگەیاندراوە، لە دیدارەدا وەزیری کارەبا داوای لە هاری لابەر و نوێنەرانی کەمپانیای ناوبراو کرد هەموو هەوڵەکانی خۆیان بگەیێنن تاوەکو لەنزیکترین کاتدا دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەی بەرهەمهێنانی 300 مێگاواتی کارەبا لە سێران و زاخۆ و گەرمیان و هاپێین بکەن.

وەزارەت ئاماژەی بەوەش کردووە، لەلایەن خێیانەوە ئامادەییان دەربڕی لە کەتایی مانگی شوباتی ئەمساڵ بچێند قەناغێک سەرەتا لە ئیدارەی سەربەخۆی سێران دەست بە دامەزراندنی وەستگەیەکی کارەبا بەتوانای 100مێگاوات کارەبا بکەن.